# کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و زیادبوونی جیابوونەوەکان هەڕەشە لە شیرازەی خێزانی دەکات

**جیابوونەوەی هاوسەران گرفتێکی ئاڵۆز و مەترسیداری کۆمەڵایەتییە کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، لەوەش مەترسیدارتر لە بەرامبەر هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوە، کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییە. بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەریی کوردستان، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری بەردەوام کەمی کردووە و تەڵاق و جیابوونەوەش لە هەڵکشاندا بووە، کۆمەڵناسان گرفتی ئابووری و قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری پێشوەختە بە هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسە دادەنێن.**

دەروونناس و سەرۆکی سەنتەری خێزان، سامان سیوەیلی، ڕایوایە بە هۆی ڕاگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و قەیرانی ئابووری گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکان کەمی کردووە و ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوەکان بەرز بۆتەوە، ئەوەشی بە ئاماژەیەکی مەترسیدار بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان لە کوردستان وەسفکرد. گوتیشی: «ئەو قەیرانەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە کاریگەری زۆری هەیە و ئێستا وای لێهاتووە هەموو کات مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەگەری ڕوودانی ڕووداوی ناخۆش دەکات، نموونەی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆیە، ئەمە وادەکات گەنج نەتوانێ کۆنترۆڵی دەروونی خۆی بکات، ئەمانە بەگشتی هۆکارن بۆ دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری لەم ساڵدا. بێگومان هەر چییەك لە کۆمەڵگە ڕوودەدات، ئەنجامێکی سروشتییە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی خۆماندا کە بارودۆخ جێگیر و دامەزراو نییە، ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لاواز بێت و بەرەو کەمی بچێت، هەروەها بەشێکی زۆریش لە گەنجان لە ئێستادا نایانەوێت هاوسەرگیری بکەن و زیاتر ڕوو لە هەندەران دەکەن، واتە بە هۆی نائەمنی و ناکۆکیی ناوخۆیی و قەیرانی ئابوورییەوە زۆربەی گەنجان نایانەوێ بەرپرسیارێتی هاوسەر و منداڵ لە ئەستۆی بگرن و خۆیان لە بەرپرسیارێتییەکان دەدزنەوە.»

سەرۆکی سەنتەری خێزان، هۆکاری دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری زیاتر شیدەکاتەوە و دەڵێت: «قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان، قەیرانگەلێکی فرەڕەهەند و فرەهۆکارن، لەوانەش: دەستێوەردانی کۆمەڵایەتی، فاکتەری دەروونی، ئابووری، ڕۆشنبیری، کێشەی سێکسی و سۆزداری و...تاد. ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەو کێشانەن کە لەناو جێگەی نووستنەوە سەرهەڵدەدەن و هێدی هێدی دەبنە دێوەزمەیەك بەسەر ژیانی هاوسەرانەوە و کاریگەری لەسەر پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی و ڕێز و توانای پێکەوەژیانی هاوسەران بەجێ دەهێڵێت، بە شێوەیەکی نەرێنی و ئەگەر بەبێ چارەسەر بهێڵدرێتەوە، ئەوا هاوسەران ناچار دەکات ملی دادگا بگرنەبەر و پەنا بۆ جیابوونەوە ببەن وەك چارەسەر. هەروەها هۆکاری زۆربەی جیابوونەوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕەوشەی ئێستا کە زۆربەی هاوسەران لە ڕووی دەروونییەوە تێکشکاون و توانای ماڵ بەڕێوەبردنیان نەماوە. بۆ نموونە هەیە کرێچییە و توانای دابینکردنی کرێی خانوو، یان بەخێوکردنی منداڵی نییە، چونکە فشاری ئابووری زۆری کەوتۆتە سەر، ئەمەش هەڕەشەیەکە بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزانی و جیابوونەوە لە داهاتوودا. هۆکارێکی دیکەی جیابوونەوە کە ئێستا لە کوردستان زیادی کردووە، ناپاکیی هاوسەرییە، هەروەها هاوسەرگیری لە تەمەنێکی زۆر بچووك کە لە سەرەتادا کۆمەڵێك خەونی ڕەنگاوڕەنگیان هەیە، بەڵام کە دەچنە نێو پرۆسەکەوە، ئەو کات دەزانن هاوسەرگیری ئەو خەونە ڕەنگاوڕەنگە نییە کە ئەوان لە هزری خۆیان وێنایان کردبوو، بەڵکو کۆمەڵێك ئەرکە و دەبێت جێبەجێی بکەن، کاتێکیش ناتوانن



گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەرکەکان جێبەجێ بکەن، لە ئەنجامدا جیادەبنەوە. هەروەها تێکەڵبوونی دەوروبەر و دەستوەردانیان لە ژیانی تایبەتی هاوسەران، ئەمەش هۆکارێکە بۆ جیابوونەوەی هاوسەران.»

شوان سابیر گەردی، مافناس و چالاکی بواری کۆمەڵی مەدەنییە و ئەویش هۆکاری ئابووری بە یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوسەران دەزانێت. ئەو مافناسە دەستنیشانکردنی هاوسەر بۆ کوڕ و کچ لە لایەن باوانەوە، هەروەها هەندێك دابونەریتی کۆمەڵایەتی بە هۆکارێکی دیکەی جیابوونەوەکان دەزانێت، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە، کە زۆربەی هاوسەرگیرییەکان کە هەڵبژاردەی باوانن، شکست دەهێنن، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە سەرەتاشدا کێشەیان نەبێت، دوای ماوەیەك لە یەك تێنەگەیشتن کێشەیان بۆ دروست دەکات، ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان، گوتیشی: «هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە بەپێی یاسایی باری کەسێتی کە لە یەکێك لە بڕگەکانیدا هاتووە، ژن دەتوانێت داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەکان، چونکە خەڵکانێك هەن بە هەڵە لەم یاسایە گەیشتوون. هەروەها خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، زۆر جار بووەتە هۆی دروستبوونی پێوەندی نادروست لە نێوان تاکدا، تەنانەت ژیانی هاوبەشی چەندین هاوسەری خستۆتە مەترسی کە نموونەی بەرچاویان فەیسبووکە، زیاتریش پیاوان بە هۆی ئالوودەبوون بە فەیسبووك لە ڕێگەی پێوەندی بەستن لەگەڵ ئافرەتی دیکە، ناپاکی لە هاوسەری خۆیان دەکەن. هەروەها یاسای توندوتیژی خێزان کە خۆی لە خۆیدا دەبوایە لە بەرژەوەندی خێزاندا بووایە، بەڵام بەداخەوە ئەم یاسایە لەبەر چەند خاڵێك نەیتوانیوە بەرگری لە خێزان بکات، بەڵکو بۆتەوە هۆی جیابوونەوەی چەند خێزانێك، ئەمانە هەمووی هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقن.»

شوان سابیر بۆ چارەسەری ئەو دیاردەیە بە پێویستی دەزانێت، سەرەتا کار بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵك بکرێت، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری لە هەموو شتێك گرنگترە. گوتیشی: «نابێت من خۆم بچم ژن بۆ کوڕەکەم بێنم، دەبێت کوڕەکە، یان کچەکە بە تەواوەتی لە هەموو ئاڕاستەکانی ژیان تێگەیشتبێت و ئامادەبێت بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، لەو کاتەدا دەبێت ئامادەی بەرگەگرتنی هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی هاوسەری بێت، ئەوانەی کە ئەو ئامادەسازییەیان نەکردووە، ناتوانن بەرگە بگرن و زیاتر تووشی جیابوونەوە دەبن. هەروەها پێویستە سزایەك هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆکاری جیابوونەوەی هاوسەران، جا چ پیاوەکە بێت، یان ژنەکە، یان کەسانی دەوروبەریان، بۆ ئەوەی بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی هاوسەرگیری بکەن.

بەهار عەلی چالاکی بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەت، لە لایەك ئەو گرفتە پەیوەست دەکات بە خراپیی باری ئابووری هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە هۆشمەندیی هاوسەران بە بنەما دادەنێت. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «کەمبوونەوەی هاوسەرگیری لەم کاتەدا زیاتر پێوەندی بە بارودۆخی ئابووری ئێستای هەرێمی کوردستانەوە هەیە کە نەبوونی مووچە و نارێکی لە دابەشکردنی تەنانەت لەسەر بازاڕکردنیش کاریگەری هەیە. بۆ نموونە پێشتر کە کوڕ و کچ دەیانویست هاوسەرگیری بکەن، بەشێکی زۆری کەلوپەلی ناوماڵیان بە قیست دەهێنا، ئەمانەش ئاسانکاری بوو بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری بەردەوام بێت. بەڵام ئێستا دواکەوتنی مووچە ئەوەشی پەك خستووە، هەروەها پێشتر پێشینەی هاوسەرگیری هەبوو، بەڵام ئێستا ئەمەش نەماوە، واتە ئاسانکارییەکان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش زۆر کەم بوونەتەوە.

بەهار لە بارەی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران گوتی: «بە رای من ئەم بارودۆخە ئابوورییەی ئێستا تا رادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لە سەر زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، بەشێکی تریشی پێوەندی بە هۆشمەندی ژن و پیاوەوە هەیە، هاوسەرگیری مەرج نییە بە زۆری بێت، دوو کەس لە قوناغێکدا یەکتریان خۆشویست و لێك تێگەیشتن، دەتوانن هاوسەرگیری دەکەن، پێویستە هاوسەرەکان لێك تێگەیشتن و گیانی لێبووردەییان هەبێت، بەڵام ئەگەر وەك هەمیشە ئافرەت چەوسایەوە و توندوتیژی دەرهەق کرا و بە کۆیلە کرا، ئەوە تا سەر نابێت، چونکە ئافرەت زۆر لەوە هۆشمەندترە ئەو کۆیلایەتییە قبووڵ بکات و ناچار لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوە.

**پێویستە هاوسەرەکان لێک تێگەیشتن و گیانی لێبووردەییان هەبێت، بەڵام ئەگەر وەک هەمیشە ئافرەت چەوسایەوە و توندوتیژی دەرهەق کرا و وەک کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ کرا، ئەوە تا سەر نابێت، چونکە ئافرەت زۆر لەوە هۆشمەندترە ئەو کۆیلایەتییە قبووڵ بکات**


**پێویستە سزایەک هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆکاری جیابوونەوەی هاوسەران، جا چ پیاوەکە بێت، یان ژنەکە، یان کەسانی دەوروبەریان، بۆ ئەوەی بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی هاوسەرگیری بکەن**

**مارەبڕین و هاوسەرگیری**

| پارێزگا | شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٤ | شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٥ | بەراوردی نێوانیان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٩١٧٠ | ٧٩٠٢ | ١٢٦٨ | کەمی کردووە |
| سلێمانی | ٧٤٩٩ | ٦٣٩٩ | ١١٠٠ | کەمی کردووە |
| دهۆك | ٦٢٤٩ | ٥٠٣٣ | ١٢١٦ | کەمی کردووە |
| کەرکوك/ گەرمیان | ٣١٨٦ | ٢٤٦١ | ٧٢٥ | کەمی کردووە |

**تەڵاق و لێك جیابوونەوە**

| پارێزگا | شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٤ | شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٥ | بەراوردی نێوانیان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١١٥٧ | ١٤٧٧ | ٣٢٠ | زیادی کردووە |
| سلێمانی | ١٧٢٤ | ٢٠١٦ | ٢٩٢ | زیادی کردووە |
| دهۆك | ٤٦١ | ٥٣٣ | ٧٢ | زیادی کردووە |
| کەرکوك/ گەرمیان | ٥٨٤ | ٥٩٥ | ١١ | زیادی کردووە |





# ئافرەتان داواکارن دەرماڵەی منداڵ بخرێتە سەر مووچەی دایک و لەو بوارەشدا بێبەش نەکرێن

**خەبات لە پێناوی هێنانەدی یەکسانی لە ماف و پێگەی ئافرەت و پیاو و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لەلایەن توێژی ئافرەتانەوە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، کەچی تا ئێستاش لە زۆر بواردا جیاوازی رەگەزی دەکرێ، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا ئافرەتان مووچەیان لە پیاوان کەمترە، لە کۆمەڵگە نەریتییەکان دۆخەکەیان خراپترە و تەنانەت دەرماڵەی خێزانیش بۆ سەر مووچەی پیاو زیاددەکرێت، ئافرەتانیش گەڕانەوە بۆ ئەو بنەمایانەی کە ئەو جیاوازییانە دەخوڵقێنێ، بە کۆسپی گەورەی بەردەمیان دەزانن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.**

**حکومەتی هەرێم ئەوە لە بەرچاو ناگرێت کە لەکاتی جیابوونەوە، یاخود هەر حاڵەتێکی نەخوازراوی خێزانی، ئافرەت ئەرکی بەخێوکردنی منداڵی دەکەوێتە ئەستۆ، کە تووشی دەیان نەهامەتی دەکاتەوە**

-برگیتا لاگەرستریۆمە- لە گرووپێکی ژنان بە ناوی (Grupp ٨) لە خۆپیشاندانێکی هەشتی مارس لە ساڵی ١٩٧٥ گوتی: لە کۆی ئەو ژنانەی کە توانیویانە بێنە مەیدانی کار نیوەیان خراپ کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و نیوەکار و مووچەی کەمیان دەدرێتێ، بەڵام هەرچی ژنانی نیوەکار وکاری تەواوە دوو ئەرکیان لەسەر شانە، ئەرکی ماڵ و ئەرکی کارکردن لە دەرەوەش کە تووشی ماندوویەتییەکی هەمیشەییان دەکات». زیاتر لە ٤٠ ساڵ لەو وتارە و لەو جۆرە هەوڵانە بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی رەگەزی تێدەپەڕێت و تا ئێستا جگە لە وڵاتانی رۆژئاوا ئافرەتان دەستکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووە.

پەیمان فەتحوڵڵا چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنییە و سەبارەت بەو پرسە سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئەگەر حکومەت پلە و پۆستی باشی نەداوەتە ئافرەت، خۆ دەتوانێ بە مووچەی باش و خزمەت حیساب کردن قەرەبووی بکاتەوە، گوتیشی: خۆ پۆست و مووچە میرات وەرگرتن نییە، بۆ دەبێ دەرماڵەی هاوسەرێتی و دەرماڵەی منداڵ بخرێتە سەر مووچەی باوك، با بخرێتە سەر مووچەی دایك، لە ئێستادا زۆربەی دایکان فەرمانبەرن، جگە لەوەش لەوانەیە لە داهاتوودا کابانی ماڵیش ببێتە خاوەن مووچەی خۆی، کەواتە نەخستنە سەری ئەو بڕە زیادەیەی بۆ سەر مووچەی دایك هیچ رێگرییەکی نامێنێت، لە کاتێکدا بە بیانووی ئەوەی کە باوك بەخێوکەرە ئۆتۆماتیکییەن ئەو پارەیە بۆ سەر مووچەی باوکەکە دەڕوا، بەداخەوە زۆر لە پیاوان کە دەبینن هاوسەریان مووچەی هەیە، پاڵی لێدەدەنەوە و خەرجی ماڵ و منداڵیان پشتگوێ دەخەن، چونکە لەوە دڵنیان کە دایکەکە بەو مووچە کەمەی کە هەیەتی، خەرجی خۆراك و پۆشاك و خوێندنی منداڵەکان دابین دەکات.

ئەو چالاکەی بواری کۆمەڵی مەدەنی رایوایە «سەربەخۆبوونی ئابووری، ئافرەت لە چەوسانەوە و توندوتیژی و بێ رێزی دەپارێزیت، ئەو کات ئافرەت چیدیکە کۆیلەی پیاو نابێت و رێژەی توندوتیژی و تەڵاقیش کەم دەبیتەوە.»

**لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری خانمان هاوشێوەی پیاو بژێوی رۆژانەی خێزان دابین دەکەن، بەڵام ماندووبوونی ئافرەت وەک زۆربەی ئەرکە قورسەکانی دیکەی بە هەند وەرناگیرێت و وەک ئەوەی ئافرەت بۆ ئەرک و ماندووبووون و خزمەتکردن و زەحمەتکێشان خەلق کرابێت**

توێژەری دەروونی پاوان ئیبراهیم ئەحمەد، ئاماژە بەوە دەکات کە: هونەری ژیان، هونەری بەردەوامبوونی خێزانە، بەختەوەری خێزانیش پەیوەستە بە یەکسانی لە ئەرك و ماف و رێزگرتن لە یەکتر، پێوەندی دڵسۆزانەی ئەندامانی خێزان و بەتایبەتی هاوسەران ژیانی خێزانی جوانتر دەکات، ئەو خۆشبەختییەش بە هۆی دابەشکردنی کاری رۆژانەیان بەردەوام دەبێت.» گوتیشی: «لە رابردوودا پەیداکردنی بژێوی خێزان لەسەر پیاو بوو، بەڵام لە ئێستادا ئافرەتانیش لە چوارچێوەی ماڵ هاتوونەتە دەرەوە و شانبەشانی پیاو کاردەکەن، واتە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری خانمان هاوشێوەی پیاو بژێوی رۆژانەی خێزان دابین دەکەن، بەڵام ماندووبوونی ئافرەت وەك زۆربەی ئەرکە قورسەکانی دیکەی بە هەند وەرناگیرێت و وەك ئەوەی ئافرەت بۆ ئەرك و ماندووبووون و خزمەتکردن و زەحمەتکێشان خەلق کرابێت، ئەوەش دەکەوێتە سەر ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتوویی ژن و پیاوەکە، ژن و پیاو لە خێزاندا تەواوکەری یەکترن، بوونی رێز و خۆشەویستی پێوەندی نێوانیان بەهێزتر دەکات، هەروەها نابێت وەك میرات چۆن پیاو زیاتری بەردەکەوێت، ئافرەت لە دەرماڵە کەمتری

گوڵان: كۆمەڵایەتی



بەر بكەوێت، یان بێبەش بكرێت، یان مووچەی كەمتری بۆ هەژمار بكرێت، دەبێت ئەویش مافی هەبێت بتوانێ دەرماڵەی منداڵ و خێزانی بخرێتە سەر مووچەكەی بۆ ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە ئافرەت هەست بە بوونی خۆی بكات، كەوا لە ناو خێزانەكەیدا بوونی هەیە و هەست دەكات ئازادە و ئافرەت پشتگوێ ناخرێت، بەو هۆیەوە كێشەكان كەمتر و ئافرەتان دوور لە توندوتیژی خێزانی دەژین، بەش بەحاڵی خۆم دژی سیستەمی ستەمگەرانەی سەرمایەداریم، تاوەكو ئێستاش ژنان بەدەست كرێی كەم و بێكاری و نەبوونی بیمەی بیكارییەوە دەناڵێنن، ناكرێ كێشەكانی ئافرەت زیاتر بكرێت و برینی دیكەی لە دەروون و جەستە بۆ زیاد بكەن.»

ڕۆژنامەنووس و چالاكی مەدەنی چۆمان هیوا سەربەخۆی ئابووری بە یەكێك لەو بابەتە گرنگانە دەزانێت كە ڕۆڵی سەرەكی لە ئاشتەوایی و ڕێكخستنی شیرازەی خێزان هەیە و ئاماژە بەوە دەكات كە «بە پێی ئەو لێكۆڵینەوە جیهانییانەی كراون، خراپی باری ئابووری یەكێكە لەو هۆكارە دیاریكراوانەی كە ڕۆڵی سەرەكی هەبووە لە تێكچوون و لێكترازانی خێزانەكان.» گوتیشی: «یەكێك لەو گرفتانەی كۆمەڵگەی ئێمە كە تاوەكو ئێستاكە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، دیارینەكردنی داهاتە بۆ كابان و فەرمانبەرانی ئافرەت بۆ بەخێوكردنی منداڵەكانیان، حكومەتی هەرێم دەبوایە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ئەم گرفتەی یەكلابكردایەتەوە و بە قەدەر ژمارەی منداڵ داهاتی بۆ دایكان دابین بكردبایە و ئەو زیادەیەش لەسەر حیسابی مووچەی ژن بێت، نەك پیاوان، لە كاتێكدا بڕی ئەو پارەی كە ئێستاكە بۆ منداڵ تەرخان كراوە ڕەمزییە و هیچ دایك و باوكێك ناتوانێت بەو بڕە پارەیە پێداویستییەكانی منداڵ دەستەبەر بكات.

ئەو ڕۆژنامەنووسە جەختی لەوە كردەوە كە «یەكێك لەو هەڵە ئیدارییانەی بە سەر وەزارەتەكانی دارایی و پەروەردەدا تێپەڕیوە، خستنی دەرماڵەیە بۆ سەر مووچەی باوك، كە ئەمە نادادییەكی گەورەی خێزانە و جارێكی دی جیاوازی كردنە لە نێوان ژن و پیاودا. لە كۆمەڵگەی ئێمە دایك ڕۆڵی پەروەردەكردنی منداڵ دەبینێت، تەنانەت لە هەندێك لە خێزانەكان دابینكردنی بژێوی خێزانیش هەر لەسەر ژنانە و هەر دایكیش بەخێوكەرە، ئیتر نازانم بۆ دەرماڵەی منداڵ لە سەر مووچەی دایكان نەبێت؟ پێویستە لیژنەی كاروباری خێزان و پەروەردە لە پەرلەمانی كوردستان بە هەماهەنگی ڕێكخراوە خێزانییەكان پرۆژەیەك بۆ ڕێكخستن و بەرەو پێشبردنی ئەم بابەتە گەڵاڵە بكەن.» گوتیشی: «جێگەی داخە حكومەتی هەرێم ئەوە لە بەرچاو ناگرێت كە لەكاتی جیابوونەوە، یاخود هەر حاڵەتێكی نەخوازراوی خێزانی، ئافرەت ئەركی بەخێوكردنی منداڵی دەكەوێتە ئەستۆ، كە تووشی دەیان نەهامەتی دەكاتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناكرێت ئەو بەڵێن و پەیمانانە كە لیستە براوەكانی هەڵبژاردن بە ئافرەتانیان دا، هەروا بێ ئەنجام بڕوات.


**زۆر لە پیاوان كە دەبینن هاوسەریان مووچەی هەیە، پاڵی لێدەدەنەوە و خەرجی ماڵ و منداڵیان پشتگوێ دەخەن، چونكە لەوە دڵنیان كە دایكەكە بەو مووچە كەمەی كە هەیەتی، خەرجی خۆراك و پۆشاك و خوێندنی منداڵەكان دابین دەكات**



# شیلان

## لەلایەن پورزاکەی دەستدرێژی دەکرێتە سەر

گوڵان: کۆمەڵایەتی



شیلان بە خەمباری لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەی سووتان ڕاکشا بوو، سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، بۆنکرۆزی جەستەی ڕۆژەڕێیەك دەڕۆیی، کە لێی نزیك بوومەوە داچڵەکا و وەك خەتاباریك بە شەرمەوە چاوەکانی لە چاوانم دزییەوە، دوای سڵاو کردن وردە وردە شیلانم لە پرسیاران ئاڵاند.

وەك خۆی باسی کرد، ئەو کچی گەورەی دایك و باوکێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو، کە باپیرەی دەمرێ داپیرەی تەنیا دەمێنێتەوە، چونکە تەواوی کچ و کوڕەکانی لە سەر ماڵ و حاڵی خۆیاندا بوون، ئیدی شیلان لای داپیرەی دەمێنێتەوە و لە تەمەنی شەش ساڵی دەخرێتە بەر خوێندن، کە تەمەنی دەبێت بە ١٦ ساڵ کوڕە پوورەکەی لە هەندەران دەگەڕێتەوە و لای داپیرەی میوان دەبێت.

شیلان لە پڕمەی گریانیدا و بەدەم گریانەوە دەیگوت من بۆ مردن باشم، دوای کەمێك پشوودان بەسەرهاتی خۆی بەمجۆرە بۆ گوڵان گێڕایەوە: «دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەیانییەك داپیرەم لەگەڵ ژنانی دراوسێ دەچێتە پرسەیەك، هێشتاکە من لە خەودا بووم، ئەو ڕۆژە دەوامی قوتابخانەم ئێواران بوو، دوای تەواو کردنی کارەکانی ناوماڵ چوومە گەرماو بۆ جل شووشتن، لەم کاتەدا پوورزاکەم بە ئاگا دێت و بۆ دەست و چاو شووشتن هاتە گەرماوەکە، کە جەستەی نیوە رووتی منی بینی پەلاماری دام و دەستدرێژی کردە سەرم»، ئیدی گریان و کڕوزانەوە قسەکانی پێ بڕی، وەك شیلان باسی لێوە کرد، دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە دەرهەق بە شیلانی خاڵۆزای، کوڕە بە پەشۆکاوی ماڵی داپیرەی جێدەهێڵێت و دوای چەند ڕۆژێکی کەم دەگەڕێتەوە هەندەران، دوای گەڕانەوەی داپیرەی بۆ ماڵ، شیلان لە راستی ڕووداوەکە ئاگاداری دەکاتەوە داپیرەشی داوای لێدەکات ئەو نهێنییە بپارێزێت، چونکە گەر باوکی بەم کارەساتە بزانێ نەك کوڕە بەڵکو دایکەکەشی دەکوژێت کە خوشکی خۆیەتی، داپیرەی لەلایەن خۆیەوە تەلەفۆنی بۆ کچە هەندەرانییەکەی کرد کە دەکاتە دایکی کوڕە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو بەر لەوەی دایك و باوکی شیلان بە مەسەلەکە بزانن، بەڵام کوڕە حاشای لە کردنی ئەو کارە کرد، دایکی کوڕە زۆر هەوڵیدا شیلان بخوازێت و کۆتایی بە کێشەکە بهێنرێت، بەڵام ئەو نکۆڵی لە کردنی ئەو تاوانە کرد، دایك و داپیرەی کە لەو هەوڵە نائومێد بوون، ڕێککەوتن بە نهێنی و بە پارەیەکی زۆر راپۆرتێکی پزیشکی ساختە دروست بکەن بۆ دەرباز بوون، دواتر بە باوکی شیلانیان راگەیاند کە شیلان لە سەربان بەربۆتەوە و وایلێهاتووە

ئەو کارەساتە لای شیلان بوو بە گرێیەکی گەورەی دەروونی، سەرەڕای ئەوەش لە خوێندن دانەبڕا و دڵشکاوانە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواو کرد.

شیلان گوتی: «بە درێژایی ماوەی خوێندن لە پەیمانگە زۆر لە کوڕەکان خۆیان لێم نزیك دەکردەو، بەڵام هەموویانم ڕەتکردەوە، چونکە کچێکی ئاسایی نەبووم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داواکاریم زیاتر دەبوو منیش بێ بیرکرنەوە ڕەتم دەکردنە، ئامادە بووم هەموو تەمەنم بە کچێنی بەڕێ بکەم بەم مەرجەی کەس بەم نهێنییە قێزەوەنەم نەزانێ، هاوڕەگەزەکانم کە خوازبێنییان دەهات یان داوای پەیوەندییان لێدەکرا لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە، ئەوان بیریان لە بچووکترین شت دەکردەوە لە ماڵ و خشڵ و سەروەت و سامان و بڕوانامە، منیش پێچەوانەی ئەوان دەبووا لەم کاتەدا باس باسی راپۆرتە لەعنەتییەکەم بێت، لەم دواییەدا کوڕێکی پۆلیس هاتە داوام، تەنیا بڕوانامەی سەرەتایی هەبوو، ئەو دایك و باوکی خۆی نەمابوو، داپیرەم پێیگوتم لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ و لەم کوڕە باشترمان دەست ناکەوێ، دواجار دایکم رازی کردم، بەر لە هەموو شتێك باوکم هەواڵی راپۆرتە پزیشکییەکەی پێدان و گوتی بە منداڵی لەسەربان بەربووەتەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن و گوتیان بیری لێدەکەینەوە و وەڵامتان دەدەینەوە، بەڵام هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو نەگەڕانەوە، دواجار کوڕێکی ناسیاوی خۆمان هاتە داوام، من زۆر پاڕامەوە کە چیدیکە بریندارم نەکەن و لەوە زیاتر ئازاری دەروونم نەدەن، بەڵام ئەوان گوتیان ئەوە خزمی خۆمانە و خزم گۆشتیشت بخوا ئێسقانت ناشکێنێ، وەلێ دیسان ئازارەکان دووبارە بوونەوە و برینەکانیش کولانەوە، لە بەرامبەردا کوڕە قەرداریشی کردینەوە و گوتی مادام کچەکەتان بە کار شوکردن نایەت بۆ خەڵك ماندوو دەکەن، ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم راپۆرت بوو بە دێوەزمە و مۆتەکە، کە ڕۆژ بووەوە چوومە ناو گەرماوەکە و ئاگرم لە جەستە بێ نرخەکەی خۆم بەردا، لە پێناو کۆتایی هێنان بەم ڕۆمانە درۆ ئامێزە و ئەو نهێنییە خەفە کراوەی دەروونم کە نەدەبوو بیدرکێنم».

سەبارەت بەم گرفتە شیرین عەبدولحەمید وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژە بەوە دەکات «دەستدرێژی سێکسی تەنیا پەلامارێکی جەستەیی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە تیرۆری کەسایەتی، هێرشکردنە بۆ سەر حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ کە کەسی قوربانی لە مافی خۆی بێبەش دەبێت بەپێی سەرژمێریەکان نزیکەی ٧٥٪ی حاڵەتەکان بە هۆی کەسوکاری پلەیەک ودووی قوربانیەکەوە یان لە لایەن تاکێکی ناسراوەوە ڕوودەدات».

ئەو توێژەرە لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەشی خستە ڕوو «لە یاسای ١١١ مادەی ٣٩٨ی یاسای عێراقی هاتووە( ئەگەر دەستدرێژیکار بەشێوەیەکی یاسایی لە گەڵ قوربانییەکە بچێتە ناو پرۆسەی هاسەرگیرییەوە، هەموو سزایەک لەسەری هەڵدەگیرێت) بەداخەوە لەم یاسایەدا هیچ حیسابێک بۆ هەستی قوربانییەکە نەکراوە، بەڵکو حەسانەی داوە بە تاوانبارەکە، ئەم یاسایە نەک هەر نەیتوانیوە ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە، بەڵکو زۆرجار وەکو پلان بۆ ملکەچکردنی ئەو کچانەی کە ناڕازی بوون بە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک، لە لایەن کەسەکەوە هەوڵدراوە بە پەلاماری دەستدرێژی، کچەکە ناچار بە هاوسەرگیری بکەن، وەك ئاشکرایە و هەستی پێدەکرێت و دەبیندرێت پەردەی کچێنی وەکو نیشانەیەک بۆ پاکی و پاکیزەیی ژن نیشاندەدرێت، ئەو پەردەیە بە شەرەفی بنەماڵەکەی وابەستە کراوە و لە هەندێك کۆمەڵگەدا مان و نەمانی پەردەی کچێنی شەڕی ژیان و مەرگی لەسەر دەکرێت، زۆرجار کچ بەهۆی دەستدرێژی یان ڕووداوێک پەردەی کچێنی لە دەستدەدات، خێزانەکان ئەوەندەی خەمی ئەم دوو دڵۆپە خوێنەیانە کە لە جەستەی هاتۆتە خوار ئەوەندە خەمی تەندروستی و ئێش و ئازاری دەروونی و جەستەیی کچەکەیان نییە».

**ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم راپۆرت بوو بە دێوەزمە و مۆتەکە، کە ڕۆژ بووەوە ئاگرم لە جەستە بێ نرخەکەی خۆم بەردا**

**چوومە گەرماو بۆ جل شووشتن، لەم کاتەدا پوورزاکەم بۆ دەست و چاو شووشتن هاتە گەرماوەکە، کە جەستەی نیوە رووتی منی بینی پەلاماری دام و دەستدرێژی کردە سەرم**

**بە درێژایی ماوەی خوێندن لە پەیمانگە زۆر لە کوڕەکان خۆیان لێم نزیک دەکردەو، بەڵام هەموویانم ڕەتکردەوە، چونکە کچێکی ئاسایی نەبووم**